# ئافرەتە سیاچەمانەچڕەکانی هەورامان

**دارا محەمەد هەورامی**

**(سلێمانی)**

**( ١- ٢ )**

ئەو سەربەستی و ئازادییە، ئەو جوامێری و دەست ڕەنگینی و کارامەیییە، ئەو یەکسانی و دادپەروەرییەی کە کەشوهەوای هەورامان هەیەتی و کارێکی وای کردووە هونەر لە هەورامان، بە جوانی لەدایک ببێت.

ئەو ئافرەتانەی کە شان بە شانی هاوسەرەکانیان ئازادانە کاریان کردووە، زۆر جار پێکەوە لەناو باخ و ڕەز و دەیم و کێڵگەکانیاندا، گەلکارییان، بۆ پاکژکردنەوەی  بنی دارتووەکان کردووە و بەکۆمەڵ گزی بارەکڵەی تەڵان بە تەڵانی باخەکان و پاکژکردنەوەی ئەو هەموو باخانە، کە بەباخی توو بەناوبانگن، بۆ ئەوەی بەرهەمی توو بە جوانی بوەرێتە ئەو تەڵانانە، بۆ ئەوەی دڕکوداڵ پەنجەی خەنەیینی نازداران بریندار نەکا، هەموو باخی تووەکان لە وەرزی بەهاردا، لەو ساتەدا کە بەری توو پێ دەگات، بە جوانی گزی بارەکڵەیان دەدرێت، ئا لەو ساتەوەختەدا، دەنگ خۆشان دوای کۆتایی گزی بارەکڵە و دوای چنینەوەی بەری تووەکان کوڕگەل، واتە کیژان و کوڕان هەریەکەیان بە ئاوازێ گۆرانی دەچڕن و لە خۆشی ئەو گەلکاری و هەرەوەزییە، هەروەها هەندێک لەو ئافرەتانە بە شێوەی بازنەیی سەر بەیەکدا دەکەن و ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە دەچڕن. بە پێچەوانەی هەندێک ناوچەوە کە ئافرەتان ناتوانن لە خانووەکانیان بێنە دەرەوە، کەچی لە هەورامان سەربەستانە، ئاواز لەگەڵ برادەرەکانیاندا بە جووتە، یان بەسێ قۆڵی، یان بە شێوەی کۆراڵی ئاواز بۆ یەکتری دەچڕنەوە، زۆر کاریگەر ستەمی بەستەڵەکی خێڵەکایەتی دەڕووخێنن، پەرە بە سنووری ڕۆشنبیری دەدەن.

کەواتە: هەورامان هەر لە مێژەوە قۆناغەکانی جیهانگەری بڕیوە، بۆیە سەربەستی لە وڵاتی ئاریانڤاچدا، لەپێش هەموو وڵاتانی جیهان بووە، چونکە بۆ یەکەم جار لانکەی مرۆڤایەتی لە زاگرۆس دەستی پێ کردووە، هەروەها لە کایەی ئافرەت، لەم وڵاتەی ئێمەدا حوکمڕان بووە، هەروەها ئاواز و گۆرانیدا ناویان بڵاوبووەتەوە، چونکە هەر وڵاتێک جانیشتەبێ، هونەریشی سەقامگیر دەبێ. لێرەدا پرسیارێک دەبێتە میوانی باسەکە، وڵاتێک ئەوەندە سەقامگیربێت لە شەڕ و ئاژاوە بە دووربێت، ئیدی چۆن هونەر و ئاوازی پێش ناکەوێ؟ لە وڵاتی زاگرۆسنشین هونەری بەرزی سیاچەمانە بەدەنگی

خانمان وترابیّ، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو وڵاتەدا تەواوی سەربەستی و سەربەخۆیی و ئازادی ڕەها هەبووە.

زۆرن ئەوانەی لە سەر ئافرەتانیان نووسیوە، بەڵام تا ئێستا وتارێکیان لەسەر ئافرەتانی هەورامان نەنووسیوە، ئەگەر دەڵێن: هۆکارەکەی سەختی شوێنەکەیە. خۆ ئێستا ڕێگە بۆ هەموو گوندێکی هەورامان چووە. ڕاستە دەڤەری هەورامان سەختە، بەڵام گەڕان بەدوای زانست و زانیاری، بۆ نووسەرێک ئارەزوو بکات، زۆر ئاسا بووە. یەکەم جار هۆنراوە لە هەورامان هاتە ئاراوە، لە چیای شاهۆوە بۆ هەموو جیهان بڵاو بووەوە. سەهۆڵبەندان بۆ یەکەم جار لەویّ توایەوە. لانکەی ژیار و شارستانیەت لەویّ پەیدابوون و قەراری گرت. دیارە ئەم هەورامانە بە مەزنایەتی خودی خۆیەوە، ئارامگەی قەرانپووە کۆنەکانە. یەکەم جار لە قەواڵەکاندا دەرکەوت، کە تاپۆ بۆ خاوەنداریەتی هەردوولا نووسرا.

هونەری بەرزی سیاچەمانە بە ساتەوەختێک خوڵقێنرا، هونەرمەندانی گۆسانەکان لەسەر زەنوێر ئامێری موزیکیان ژەند، هەر ئەوان بوون بە نێر و مێ، واتە بە جووتە ئاوازەکانیان چڕی. بە ئامێری موزیک و بە دەنگی ڕەسەنیان لەگەڵ شەپۆلی دەنگ، هەر هۆبەیەکی دیکەی فیزیکی وەک دەست و پەنجە و شان و قۆڵی لێدانی تەپەی دەهۆڵ و زوڕنا و تەمبوور ئاوازی هۆرە و سیاچەمانەیان لە هۆڵ و شوێنە دێرینەکان، هەزاران ئاوازیان بەرهەم هێنا. ئەگەر پرسیاری دی هەیە لە بارەی هونەری ئەورووپا، ئەوە ئەورووپا لە چەرخی (١٤ ـ ١٥) ـەوە دەستیان بە هونەر کردووە، ئایا پێشتر هونەریان هەبووە، کوا بەڵگەکانیان، بەڵام ئەگەر لە دیرۆکی هەورامان بکۆڵینەوە، ئەوە تەماشای کۆبەرهەمی (١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ٥ ـ ٦ ـ ٧ ـ ٨)ی فەلەکەددین کاکەیی بکەن، ئەو سەلماندوویەتی، پێش (٥٠٠٠) ساڵ ئامێری تەمبوور هەبووە. کەواتە: ئاوڕدانەوە لەو هونەر و ئاوازەی هەورامان، زیاتر نیشانە و بەڵگەی سەلمێنراومان بۆ دیاری دەکەن، ئەگەر دەڵێن: (یۆنان) پێش ژیار و شارستانیەتی هەورامان کەوتووە، ئەی بۆچی ئەسکەندەری مەکدۆنی (٤٠٠ ـ ٣٠٠) ساڵ پێش زایین پەلاماری هەورامانی داوە؟ لە (٢١) (نەسکە)ی ئاڤێستا (٦) شەش بەشی مایەوە، ئەی ئەسکەندەر نەیسووتاندن، تەماشای (٨) بەرگی کۆبەرهەمی (فەلەکەددین کاکەیی) بکەن، دیسان ئەوان گەواهی باسەکە دەوڵەمەند دەکەن. دیارە میللەتێک خاوەن فەرهەنگ و هونەر نەبیّ داگیرکەران هەوڵی بۆ نادەن.

نووسەرانی خۆمان هەر دەم دەکەنەوە و دەڵێن : فلانە وشە، یان دەستەواژە یۆنانییە، بیّ ئەوەی لە بنجوبناوانی وشەکە، یان ڕستەکە بکۆڵنەوە، خێرا بڕیاری نابەجیّ دەدەن و هەمان ئاخافتنی پێشوویان دووبارە دەکەنەوە، بۆیە هانابردن بۆ سەرچاوە زۆر گرنگە، کە نووسەران شارەزای بن، ڕۆژ بە ڕۆژ، مانگ بە مانگ، ساڵ بە ساڵ لە دنیای ئەوڕۆدا هیچ شتێک ناشارڕێتەوە، چونکە جیهانگیری لە گشت کاتدا، لە داهێناندایە.

هەرچەندە ئەم باسە پەیوەستە بەو ئافرەتانەی هەورامان کە سیاچەمانەیان چڕیوە، بەڵام هەندێک جار سەرپۆت دان بۆ باری ژیاری وڵاتان گرنگی خۆی هەیە. تەتەڵەکردن بۆ نووسین زۆر گرنگە، یادەوەری، یان نووسینی مێژوو، ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئێمەی زاگرۆسنشین پێویستمان بە ساغکردنەوەی قەواڵە و فەرهەنگ و هونەر و ئاوازی بەرزەچڕی خۆمان هەیە. نووسینەوەی ئەو بەرهەمانە بە شێوەی ئەکادیمی و زانستی بەرهەمی باشی لیّ دەکەوێتەوە، نەک بەبیّ بەڵگە و بەبیّ ساغکردنەوە، بڕیارەکانمان بدەین. دیارە هەموو

بابەتێک زیاتر پێویستی بە سەلماندنە، هەروەها ئەو ئاوازە بەرزەچڕانە، هەر هەموویان سروودی ئایینین و بە شیعری (گاتاکان) چڕیویانەتەوە و لەلایەن چەند نووسەرێکی هەورامانەوە ئەو بوارە ساغ کراوەتەوە. لێرەدا پرسیارێک دێتە مەیدانی باسەکەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا لە سەردەمی موغانی ئایینیدا، تەنیا هەر پیاوان ئەو ئاوازە بەرزە چڕانەیان چڕیوەتەوە، یان ئافرەتانیش تێیدا بەشداربوونە؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بەم شێوەیە دێینە گۆ، مادام سەربەستی و ئازادی لە دەڤەری هەورامان هەبووە، بەڕای ئێمە هەردوو ڕەگەزەکە لە چڕینی سیاچەمانەی زەردەشتیدا بەشداربوونە.

((لەگەڵ بوونی بەڵگەی زۆردا کە زمانی کوردیی هەورامان، زمانی ئایینی و ئەدەبی و ڕەسمیی ماوەیەکی دوورودرێژ بووە و هەر ئەم هۆیەشە کە وای کردووە بەقەرانپووە کۆنە نەگۆڕایەوە ماوەتەوە و جیاوازی لە نێوان دیالێکتە کوردییەکانی دیکەدا نەبووە. لە ڕووی یاسا و فۆنەتیک و سیستمی ڕستە و جۆری مۆرفیم و تێکەڵبوونی ناوی کورد و زمانی کوردی و کوردێتی لەگەڵ خوێنی ئەو کۆمەڵگەیەی هەڵگری ئەو ناوەیە، هێشتا هەر تاکوتەرا لە دەرەوە، لە بێگانە بەمەبەستی تایبەتی و لەناوەوە بە چاولێکەری و لاساییکردنەوە زاری کوردیی هەورامانی بە ناکوردی دادەنێن !!)) (١) زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، ل٥٠.

تا ئێستاش لە شار و بازێڕ و زۆربەی شارەکانی کورد، ئەگەر ناوی سیاچەمانە بهێنرێت، وەک گۆمی مەنگ هەر تەقەی سەریان دێ، هۆکەشی ئەوەیە ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە، هەر ئارەزووی ئاواز و گۆرانی بێگانە خۆراکی گیانمانە، هەروەها تا ئێستاش زاخاوی مێشکمان بە کاری ڕەسەن و نەتەوەیی گۆش نەکراوە، بۆیە هونەری خۆمان لاسەنگی تەرازووە، بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە، ئێمە هەموومان لە ڕەگوڕیشەی ئاریانژاچەکانەوە هاتووین، هەم ژیاری و شارستانیەتمان هەمان سەرچاوەی زاگرۆسنشینەکانە. لاسایی و چاولێکەری دەوروبەرمان نەکردووەتەوە، بەڵکوو داگیرکەران، فەرهەنگ و هونەر و ئاوازی ئێمەیان دزیوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە هیچ کلۆجێک دەستکاری بنەما مۆزیکییەکانی، وەک: (هۆرە، سیاچەمانە، لاوک، حەیران) بکەن، چونکە ڕەگوڕیشەی هونەری ڕەسەن بەهەزاران ساختەکردن هەر دەناسرێتەوە.

ئەگەر تۆماری تەواو بۆ ئەو بنەما هونەرییانە هەبێت، ئەوە ئەو هونەرە دەبێتە پێشەنگی هونەر و ئاوازی نەتەوایەتیمان، هەرچەندە ئەو بنەما مۆزیکیانە، وەک دەریایەکی فراوان وایە، بۆیە هەریەکە لە ئێمەی وڵاتی زاگرۆسنشین، پێویستە لە بواری خۆیدا خامەی ڕەنگینی بۆ بەکار بهێنی، ئێمە لە دەڤەری هەورامان هەر دەتوانین لەبواری هونەری دەڤەرەکەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکەین، بەتایبەتی لە بواری هونەری بەرزەچڕدا، لەوانەش سیاچەمانە، چونکە ئەم بابەتە زۆر گرنگە و هەر لە مێژەوە تا ئەمڕۆ مۆرکی نەتەوەیی نیشان دەدات. ئەوەتا وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران، ڕێز لە هونەرمەندی پاشای سیاچەمانە چڕان (عوسمان کێمنەیی) دەگرێت، لە ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە (٢٤٦٨) سێشەممە (١٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٦) لە لاپەڕە (١٨)دا هاتووە: ((ئێران ڕێز لە هەورامی دەگرێت، ئێران لە ڕووی مۆسیقا و گۆرانییەوە، بە وڵاتێکی پێشەنگ دادەنرێت و لەو نێوەشدا کوردەکان هەمیشە دەستێکی گەورەیان لە پێشخستنی مۆسیقای ئەو وڵاتەدا هەبووە و گرووپە گەورەکانی وەک نازرییەکان و کامکارەکان و چەندان گرووپ و قوتابخانەی مۆسیقای دیکە توانیویانە خزمەتێکی گەورە بەم هونەرە باڵایە بکەن، هەر بۆیەش دەبینین بەردەوام کوردەکان ئەو کەسانەن کە لە فیستیڤاڵ و جێژنە مۆسیقییەکاندا خەڵات بەدەست دەهێنن و ڕێزیان

لێ دەنرێت.

لە حەڤدەهەمین جەژنی یانەی مۆسیقای ئێران کە لە (تاران)ی پایتەختی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەچوو، (عوسمان هەورامی) مامۆستای سیاچەمانە و گۆرانی هەورامی ڕێزی لێنرا، لەو جێژنەدا هەورامانیش وەک وڵاتێک خەڵات کرا. لەو جێژنەدا کە ئەلبووم و کتێبی هەڵبژاردەی مۆسیقای ساڵ خەڵات کران، لەبەرانبەریشدا ڕێز لە گەورە هونەرمەندانی بواری مۆسیقا و گۆرانی گیرا کە (شەهرامی نازری) یەکێک بوو لەو کەڵە هونەرمەندانەی کە بە جلوبەرگی هەورامان و فەرەنجییەوە چووە سەر سەکۆکە و خەڵاتەکەی وەرگرت.

زیاتر لە پەنجا ساڵ ئەو هونەرمەندە خزمەتی گۆرانی و مۆسیقای هەورامی کردووە و تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار بەرهەمی تۆمارکراوی هەیە)) (٢). هونەرمەندی گەورەی پاشای سیاچەمانە چڕین، ئەو هونەرەی، یان ئەو بەرهەمەی بۆ دایکی دەگەڕێتەوە، چونکە (عوسمان کێمنەیی) گۆشکراو و پەروەردەی ئەو شاژنەی کێمنەییە لە دەڤەری هەورامانەدا، لەبەر گرنگی بابەتەکە و لەبەر بوونی هونەری ڕەسەن لە وڵاتی زاگرۆسنشین، دیارە وڵاتان هونەری ئاریانڤاچەکانیان بەلاوە گرنگە، ئەمە جێگەی سوپاسگوزارییە، کە یانەی مۆسیقای ئێران لە حەڤدەمین ساڵوەگەڕی یادی یانەکەیاندا، خەڵاتی ئەو وڵاتەیان لە (تاران)ی پایتەخت بەخشییە ئەو کەڵە هونەرمەندە، بەڵام ئێستا ناتوانێ وەک: جاران سیاچەمانە بچڕێ، لەبەر ئەو زوڵمەی کە لە ساڵی (١٩٩٠) بەهۆی دۆندرمەی تێکەڵاوی کل کە بۆ قوڕگ لە ژاری مار خراپترە. خۆزگە سەد خۆزگە ئەو مرۆڤانەی کە حەسوودن زوو لە ناو بچوونایە، بۆ ئەوەی وڵاتی ئاریانڤاچەکان هەزاران هونەرمەندی تری پەروەردە بکردایە. لە باشووری وڵاتی کوردان وەک پێویست ئاوڕ لە هونەرمەندان نادرێتەوە، ئەگەر ئێمەی زاگرۆسنشین خۆمان بۆ پێشخستنی هونەر هەوڵ نەدەین، خەڵکی باڵادەست بەهیچ شێوەیەک گوێ بە هونەر نادەن، چونکە بەلاوەکی لە هونەر، واتا دەدەنەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی تەواوی وڵاتانی ئەم سەر زەمینەیە.

خۆ ئەگەر بە تەواوی لە مانای سیاچەمانە تێبگەن، ئەوە دەبوو هونەر لە وڵاتدا پێشەنگ بێ، چونکە میللەتان بە هونەرەکەیان باری ژیاری و شارستانیەتیان دەردەکەوێت.

( (سیاوچەمانە مهم ترین آواز در موسیقی هورامان است. این آواز در نزد مردم هورامان جایگاه، والایی دارد و آنرا از مهم ترین میراث فرهنگی خویش محسوب می کنند)) (٣)، تەماشای موسیقی کردهای هورامان. ل١٧

ئەوەتا سەرچاوەکانی وڵاتانی دەوروبەر بە بایەخەوە باسی ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە دەکەن، بەگرنگترین ئاوازی کۆنی وڵاتی ئاریانڤاچی دەدەنە قەڵەم، هەرچەندە ئەم ئاوازە بە دەنگی ئافرەتانی هەورامان زۆر بە جوانی ئاوازەکانیان چڕیوەتەوە، بەدەنگی تیژ و تینۆر، هۆزانەکانی گاتاکان و سیاچەمانەکان ئاوێزانی دەنگی ڕەسەنی خۆیان دەکەن، بە لایەلایەی دایکی هونەرمەند عوسمان کێمنەیی (مریەم خان) دەیچڕنەوە، ئێستاش لە هەندێک شوێن، ڕێگە بە ئافرەتان نادرێ بێنەدەر، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئافرەتان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا ئاوازی بەرزەچڕیان چڕیوە، کە ئەوەش نیشانە و بەڵگەی پێشکەوتن دەردەخات، هەروەها پەیامەکەی زەردەشتیان کردووە بە ئاواز، زۆر جار بەدەمی (ئادێم و مامێم) وەر و وێشاوە، سیاچەمانەیان چڕیوە و وەک پەندێکی ئامۆژگاری بەم شێوەیە چڕیویانە:

**وەر وێوە وارۆ، وەروە وەرێنە**
**وەرێسە بڕیۆ، چوار سەرێنە**

**کەرگێ سیاوە، هێڵە چەرمێنە**
**گۆشڵێ مە مێرپێ، دووە بەرێنە (٤)**

بڕوانە پەیامی هەورامان، ل٤٠٩

واتە : بەفرێک دەبارێت بەفر خۆرەیە، گوریس دەپچڕێت، دەبێتە چوار سەر، واتە ئاماژەیە بۆ زوڵم و زۆرداری عەرەب، کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەو زوڵم و زۆرداررییە هەر بەردەوامە. گرنگی شیعرەکە لەوەدایە لەسەر کێشی ڕەسەنی خۆماڵی داڕێژراوە. بەدەنگی دایکم و دایەگەورەم سۆبیەخان، بە ئاوازی سیاچەمانە وتوویانە : ئافرەتان و پیاوانی هەورامان بە جلوبەرگی ڕەسەنی سەردەمی زەردەشت تا ئەمڕۆ، ئەو ڕێچکەیەیان بەردەوامە.

(( پشتوێن بە ئاڤێستایی کوشتی، ڕواڵەتێکی ئایینی زەردەشتییە، پشتوێنێکی پیرۆز بووە. لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە بەستراوە. یاوەری گرتووە و بەستراوە.(پێم وایە ئەوەی زیرەکی پێوە دیاربووبێت زووتر توانیویە بیبەستێت.) دروستکردنی ئەم پشتوێنە بریتییە لە (٧٢) تاڵەبەنی ڕێسراو لە خوری سپی و هۆنینەوەی پێکەوە وەک پەلکەی ژن، جا ئەمە لەسەر کراسی سپی کەتان بەستراوە، هەر زەردەشتییەک لە ڕۆژدا چەند جار کردوویەتییەوە و بەستوویەتییەوە، هەر جارەشی نوێژی کوشتی لە گەڵدا خوێنراوە...))

(٥) بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٣٨٨.

ئەگەر لە واتای ئەو گرێیانە ورد ببینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە پیرۆزی سروودی گاتاکان، ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە و پاڕانەوە لە بەردەمی ئاتەشگەدەکانی (زەردەشت)دا، ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کە وڵاتی ئێمە هانای بۆ سەرچاوەی خۆی بردووە، نەک هیی بێگانە. پۆشین گوڵەنگی قەزازی و پشتوێنی گرێدراو، هەوری بۆ کەوا و کراسی دەرە دامان، ئەمانە هەر هەموویان سیمای ژیاری و شارستانییە، هەروەها بوونی ئاوازی بەرزەچڕ، دیسان ئەشۆی زەردەشتی بۆ هەمووان، بەرز و پەیامدار دەکات، بوونی ئافرەتە ناودارەکانی هەورامان، هەر لە نەکیساوە تا ئەمڕۆ کە لە هەزارەی سێیەمداین، سەربەستی خانمانی ئەو دەڤەرە بۆ چڕینی ئاوازەکانیان، وەها دیاری دەکات، هیچ ڕێگرییەک نەبووە کە ئافرەتان بچەوسێنێتەوە، واتە خانمان زۆر چاپووکانە ئاوازی جۆربەجۆریان چڕیوە، بەتایبەتی چڕینی ئاوازی بەرزەچڕی ژنانە لە هەورامان بە ئازادییەکی ڕەها سەری هەڵداوە.

هەروەها لە کاتی بەهاراندا، کە گەلەبێرە و گزی بارەکڵەدان و چاککردنی (سانالێ) کە زەوییەکە بە (سیرەکۆلێ) سواغی چەند تەلانێک، یان بانی (کێڵێک)، بۆ ئەوەی بەرهەمی (توو) و (هەڵووژە) و (شێلانێ) واڵابکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمانە لەبەر خۆر زوو وشک ببنەوە، کاتێک کە دەیکەنە دەفرەکانەوە، دیسان خانمان لەبەر خۆیانەوە سیاچەمانە دەچڕن.

هەر لە مێژە ئافرەتانی هەورامان حەز و ئارەزوویان لە موزیک هەبووە، لە زەماوەند و شادی و گۆڤەندەکاندا، لە هەندێک لە گوندەکانی هەورامان، بە تایبەتی ژنە دەنگخۆشەکان، لە کاتی هەڵپەرکێی گێلایدا لەگەڵ پیاوە دەنگخۆشەکاندا پێکەوە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەیان چڕیوە.

(( مۆسیقای هەورامی بریتییە لە سێ چەشن، یەکەم مۆسیقای ناوخۆیی کە هەر ساڵەو یەکێک لە گۆرانییەکانی گوڵ ئەکا، دووەم مۆسیقای فۆلکلۆری کە بە شمشاڵ لێ دەدرێ، سێیەم مۆسیقای سیاچەمانە، کە لە دەنگی جۆربەجۆر پێک دێ و دەنگی سینگ و دەنگی گەروو و دەنگی سەر لەوەدا تێکەڵاوە، ئەمەش هۆی سەرسوڕمانە کە کەڵک لە دەنگەکە وەرئەگرن))

(٦) بڕوانە هەورامان باشتر بناسن، ل٩٦.

هەرسێ دەنگەکە دەنگی گڕ و دەنگی تیژ و دەنگی سپرانۆ، ئەم سێ دەنگە بەشێوازی

هارمۆنی دەبنە هەوێنی ئاوازەکە، بەتایبەتی لە دەنگی ژناندا.

لەبارەی ئەو ئامێرانەی کە لە هەورامان باو بوون، کە ژمارەیان (٤٠) ئامێرە، ناوی ئەو ئامێرە موزیکییانە لە شیعری شاعیرانی هەوراماندا هاتووە، بەڵام ئێستا هەندێک لەو ئامێرانە ناویان نەماوە، ئەوەتە دەروێشی ئۆجاغی گاوارەیی (١٢١١ ـ ١٢٨٦ کۆچی) لە پارچە هەڵبەستێکیدا ناوی ئەو سازانەمان بۆ دەبات کە بریتین لە: ((تەمبوور، عوود، ڕەباب، قیتار، بەربەت، قیژەک، شمشاڵ، سێ تار، قوڕپۆز، تەپڵ تاس، کەڕەنا، دووزەلە، دەهۆڵ، دوو تەپڵە، زوڕنا، تووتەک، زەنگ، تار، شاخنەفیر، ڕۆد، باڵەبان، کینار، سەفیر، دایرە، دەف، کەمانچە، مزمار، شەیپوور، گاودوم، چەغانە، چارپار، چەنگ، تیریاڵ، دومبەک، قانوون، کۆش، سەنتوور، شالە، ئەرغەنوون...)) (٧) هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

پرسیاری سەیر و سەمەرە لە بارەی ئاواز و گۆرانی هەورامانەوە دەکرێ و دەڵێن: موزیکی هەورامان، یان بە واتایەکی دیکە ئاوازەکانی هەورامان موزیکیان لە گەڵدا ناگونجێ، باشە ئەگەر موزیک لە گەڵ ئاواز و گۆرانی هەوراماندا ناگونجێ، ئایا ئەو شاعیرانە هەر لە خۆیانەوە شیعریان بەو ئامێرە موزیکیانە وتووە؟ نەخێر، هێشتا موزیکژەنەکانی وڵات ئاستی ژەنینیان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، کە سازش لەگەڵ ئاوازی خاو، سیاچەمانەدا بکەن، کاتێک نەکیسا عود، یان سێ تار دەژەنێ، هێشتا وڵاتانی جیهانی ئەم سەردەمەش نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو خانمە، کە ناوی (نەکیسا خانە). کاتێک خانای قوبادی لە خەسرەو شیرینی خۆیدا باسی ئەو خانمە دەکات، هێشتا ژنانی جیهان نەیانزانیوە ئاواز چییە؟ کەچی (نەکیسا)ی هەورامان بە ئامێرەکەی ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە بەژەنین و دەنگی خۆی ئەو ئاوازی سیاچەمانەیەی بە شیعری گاتەکان دەچڕی، ئەگەر ئەمە پێشکەوتن نییە، ئەی دەبێ ناوی بنێین چی؟.

((تەمبوور لە نەینەوا لە سەر تاشەبەردێکدا هەڵکەنراوە، وەک دەڵێن: تەمبوور بۆ یەکەم جار لە زەمانی بارامی گوڕی ساسانی (٤٢١ ـ ٤٣٩ ز) لەناو هەوراماندا باو بووە، بۆیە هەورامییەکان ئەم ئامێرە بە سازێکی، یان تەمبوورێکی خۆیی دادەنێن...)) (٨) هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

کەواتە ئەوە جێگەی شانازییە، کە لە هەوراماندا بۆ یەکەم جار ئاواز و گۆرانی و هەموو ئامێرەکان لەوێ دروست کراون و بەرهەمهێنراون.

تەماشای ئەو هەموو بوارەی موزیک بکەین، کە لە سەردەمی ژیاری و شارستانی لەو دەڤەرە هاتووەتە کایە، کەچی تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا (tv)یەک نییە، ئاواز و گۆرانی هەورامان پەخش بکاتەوە. هۆیەکەی بۆ نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، واتای پێکەوەژیان لەم وڵاتەدا لە میدیاکانەوە زۆر کەمە، هێشتا میدیای ئەم وڵاتە لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

((شەمسی قەیسی ڕازی (٦٢٨ ی کۆچی) لە پەرتووکی (المعجم فی معاییر اشعار العجم)دا دەڵێت: خەڵکی عێراق حەزیان لە وێژەی پەهلەوی دەکرد و چەشنە گۆرانییەکیان دەچڕی کە بە هەورامی ناسرابوو، لە فەرهەنگی (عەمید)یشدا نووسراوە کە ئەورامەن بریتییە لە یەکێ هەواکانی کۆنی مۆسیقا و هۆنراوەکانی بە شێوەی فەهلەویاتە و خەڵک حەزی لێ دەکەن کە لە شێوە جۆر بە جۆرەکانیدا ئەورامان و ئەورامەن و ئەورامە و ئەورامینی پێ دەڵێن)) (٩)

### بۆچی خەڵکی عێراق حەزیان لە ئاوازەکانی هەورامانە؟

هۆکەی ئەوەیە بەبەڵگەوە کۆنترین ئاواز کە بۆ یەکەم جار بیسترابێ، ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەکانە، هەروەها کۆنترین شیعریش هەر بە هەورامی بووە، چونکە ڕێوڕەچەی نەتەوەی خۆی بزرنەکردووە. شیعری بڕگەیی بە سانایی لەبەردەکرێن، بۆیە خانمانی هەورامان زۆرتر ئاوازەکانیان بەم شیعرانە وتووە. (زارا خانم) لە هەورامانی تەخت جۆرە سیاچەمانەیەک دەچڕێ دەتوانم بڵێم: (بڵێ هەجیج) کۆسەی (هەجیج) زیندوو دەکاتەوە. لەرینەوەی ژێکانی دەنگی ئەوەندە بەهێزن، لە زرنگەی قافڵەی کاروانسەرا ڕێ بەرزترە.

مەریەم خان، یەکەم ژنە دەنگخۆشی هەورامانە، دایکی هونەرمەند (عوسمان کێمنەیی)یە، ئەم ژنە لە کێمنەدا چەندان سیاچەمانەی چڕیوە، ئەو سیاچەمانەیە، سیاچەمانەی (لای لای) کە بۆ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی کوڕی چڕیویەتی:

**١ـ لای لای، لای ڕۆگیان لای گیانم لەی**
**خەلە و خەرمانم لای لای گیانم فیدات بۆ**
**ئەدات هەرگیز مەرگت نەوینۆ گیانم لەی**
**جە دەرد و بەڵا دووربی گیانم لەی گیانم لەی**
**٢ـ چن ساڵێن ئازیز بەتەماو تۆنا گیانم لەی**
**بەسەربەرزی بژیوی بەوێنەو، ولا**
**بووەو هەناسەیت گوڵاو ولا، گیانم لەی**
**تۆ بێخەم بووسی پەی من بەهەشتا گیانم لەی**
**٣ـ سووره هەراڵە ئاکەش و کوا گیانم لەی**
**عوسمان هەر وەش بی بێ دەر و بەڵا**
**وەجاخەی ڕۆش پەی من سەربەرزا گیانم لەی**
**بینایی دیدەیم یاخوا بژیوی بێ دەرد و بەڵا**
**گیانم لەی**

(١٠) فۆلکلۆری هەورامان.

ئەم ئاوازە بەرزەچڕەی ئەم خانمە دەنگخۆشەی کێمنە، هەردەم گیانی هەمووان شاد دەکات، هەم ئارامی بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات. دیارە کێمنە و بێدەرواس و هانە گەرمڵە وەک چۆن سێکوچکەی سیاچەمانە هەن لە هەورامان، ئەم سێ گوندەش وەک سێکوچکە وان لە دەڤەری داڵانی و هانەمرۆ و هانەژاڵانە و کەمەر سپێ و کویلە و بزازەرا، لە هەمان کاتدا سێکوچکەی سیاچەمانەی ئافرەتان لەو سێ گوندە کە ئاماژەم پێ دان هەن، ئەوانیش : (مەریەم خان، ئەدا ڕێحانێ، بەیزا خان) ئەم سێ ئافرەتە هەرسێکیان بۆ چڕینی سیاچەمانە لەو هەورامانە لەوێنەیان نەبووە، هەرسێکیان، یان بە شیعری فۆلکلۆری ناوچەکە، یان خۆیان شیعریان بۆ ئاوازە بەرزەچڕەکانی سیاچەمانەیان داناوە ـ پرسیارێک دێتە سەر گۆشەی باسەکەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا جاران بۆچی دەیانگوت هەورامان ئافرەتی گۆرانیبێژیان نییە؟ کاتێک هونەرمەندی ئافرەتی هەبووە، هیچ وڵاتێ ئەوەندەی ئەوێ هونەرمەندی نەبووە.

ئێمەی ئاریانڤاچەکان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی خۆمان جانیشتە بووین و هانامان بۆ هونەری ئەم لا و ئەو لا نەبردووە، ئەوە کەمتەرخەمی میدیاکانە، کە ئافرەتی هونەرمەند لە هەورامان کەم دەرکەوتووە. هەورامان جگە لە ئافرەتی سیاچەمانەچڕ، دەیان شاعیری ئافرەتی تێدا هەڵکەوتووە و زۆربەی شیعرەکانیان بۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە زۆر بەباشی دەلوێن، بۆ نموونە یەکێک لەو شاعیرە ژنانە ناوی (جەهان ئارا خانمی پاوەیی)یە، ئەم ئافرەتە هەستێکی ناسکی ئافرەتانەی سەردەمی خۆی هەبووە، (جەهان ئارا) هاوسەری (علی ئەکبەر خانی شەرەفولمولک) بووە و ماوەیەک پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، دواتر ئەم خانمە دەبێتە هاوسەری (حەبیبوڵڵا خانی باوەجانی)، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی بەرهەمی ژنانە بوون، ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

**سەختەن ئازارم، سەختەن ئازارم**

ئاغەم جە دووریت، سەختەن ئازارم
قیبلەگای عەزیز ڕووی ڕۆژگارم
عەزیزم ڕەفیق دۆسی نازدارم
دۆعای فەراوان کەمین دۆعاگۆ
بیاوتۆ وەلات ئاغەم گیان و تۆ
ئەگەر مەیلت بۆ پەرسەی هەواڵم
جە ئیقباڵ تۆ شای کەمەر لاڵم
ئەلحەمد و لیلا ئاغەی دڵ سیام
دەغدەغەی تەشویش هیچ نییەن جەلام
غەیر جە باڵای تۆ لێم نادیارەن
ڕۆی ڕۆشن جەلام تاریک و تارەن
هەر ڕاویارێ عازم بۆ جەلات
بنویسە ئەحواڵ جە سەر تا وەپات
دوو کەلیمە شەرح سڵامەتی وێت
بنوویسە پەرێم سەرم هانەرێت
ئەر مەیلی کەنیز مەندەن وەلاوە
بپێچەش وەبەرگ ساف وەلاوە
بکیانە پەریم تا خاتر جەم بۆ
ئەندێشەی شەوان جەلای من کەم بۆ
وەرنە بینایم هەی بەرگوزیدەم
دایم مەوارۆ سەیلات نەدیدەم

(١١) کەشکۆڵی هەورامان، ل١٩٨.

هەست و سۆزی خانمانی هەورامان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان، هەستێکی مرۆڤانەیە، دیارە (جەهان ئارا) هاوسەرەکەی زۆر خۆش ویستووە، (علی ئەکبەر خان) لە (جەهان ئارا) دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی و لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا ئەندێشەی دووری هاوسەرەکەی کاری تێ دەکات. ئەم شاعیرە شاعیرێکی هەست ناسکی ئەوینداری خاوێنە.

لە کەشکۆڵی هەوراماندا (١٠) پارچە شیعری لە دەستخەتی (جەهان ئارا) بڵاو کراوەتەوە، ئەو بەهۆی لاواندنەوەی هاوسەرەکەیەوە وا باس دەکرێ کە ئەم خانمە دەنگێکی زوڵاڵی خۆشی هەبووە، بۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە، لەبەر ئەوەی شیعرەکانی ئەم خانمە لەسەر کێشی خۆماڵین، هەموو شیعرەکانی بۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەی هەورامانی بێ گرفتن، شادی ئاهەنگی ڕۆژانی پاوە و خۆشی ئاو و هەوا و ڕەنگینی دیمەنە جوانەکانی پاوە وای کردووە، کە مرۆڤ بخاتە ئەندێشەوە، بۆیە کەشوهەوای لەباری پاوە دەیان هونەرمەندی سیاچەمانەچڕی تێدا هەڵکەوتووە، ئەمە جگە لە شاعیرانی ئەم دەڤەرە، کە بە شیعری نایابیان دەیان دیوان و کەشکۆڵیان بۆ ئەم دەڤەرە سازاندووە، بەڵام شیعرەکانی (جەهان ئارا) زۆر بەداخەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی کۆ نەکراونەتەوە. پێوەندی شیعر و ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە و موزیک پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕوحەوە هەیە و بەشێوەی ئەرێنی کاریگەری لەسەر دەروونەوە هەیە، مرۆڤەکان لە گیانی نالەباری و دڵەڕاوکێ دوور دەخاتەوە، بۆیە هونەری موزیک بەشێوەی گشتی خەم لابەرە، ڕوحە شەکەتەکان دەلاوێنێتەوە، هەروەها ئاوازی بەرزەچڕی خانمان دەرچەیە بۆ دەربازبوون لە ئازاری ناخۆشی و خەمۆکی و گۆشەگیری، خۆ ئەگەر ئامێری تەمبوور لە گەڵ ئاوازەکەدا بێ، ئەوەندەی تر دڵ شاد دەبێ، بەتایبەتی ئەو مۆسیقایە بەهرەی زەریفی دەبەخشێ، بۆیە ئاواز، یان موزیک جۆشوخرۆشی خۆشی دەهێنێ، خەمینی وەلاوە دەنێ.